بۆچوونی پێشەوایان ی ئەهلی سوونەت
وزانایان ی ئیسلام لەسەر شێوەی زەوی

ئایە
زەوی تەختە
یان گۆیی

نووسە : مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری
(الله تعالی بیپارێزێت)

ئامادەکردنی : الحق | ڕاستی

ئیمام ـی القحطاني کە لەساڵی 383 هـ وەفاتی کردووە لە (**نونية القحطاني**) ـەکەیدا ئەفەرموێت :

کذب المهندس و المنجم مثله

فهما لعلم الله مدعيان..

الارض عند كليهما كروية

و هما بهذا القول مقترنان.

و الارض عند أولي النهى لسطيحة

بدليل صدق واضح القرآن..

والله صيرها فراشا للورى

و بنى السماء بأحسن البنيان..

والله اخبر انها مسطوحة

و أبان ذلك أيما تبيان

ئەندازیار وئەستێرەناسەکان درۆیان کرد هەردووکیان بانگەشەی علمی الله ئەکەن (لەکاتێکدا زانینی ئەم بابەتە بەوەحی شەرع زانراوە نەک بەئەقڵ ـی مرۆڤ وە ئەم دووجۆرە کەسە هەریەکەیان لەبوارێکی جیادا کارئەکەن بەڵام هەردوولایان دەمیان خستۆتە ناو زانست ـی الله تعالی) لەلای هەردووکیان زەوی گۆییە وەئەوان بەم قسەیە یەکیانگرتەوە (واتا لەبانگەشەکردنی

موطلەقیان بۆزانستێک کەتایبەتە بەالله تعالی وە قسەکردنیان لەزانستی الله تعالی بەنەزانی وبەباطل بۆیە لەم ڕووانگەیـەوە کارەکەیان یەکی گرتەوە)

وە زەوی لەلای خاوەن ژیرییـەکـان تەختە

بەبـەڵگەی ڕاست وڕەوانی قـورئـــــان

وە الله تعالی زەوی وەک فەرشێک ڕاخستوە بۆخەڵکــی

وەئاسمانیشی بەجوانترین شێوە سازکــرد

وە الله تعالــی هەواڵی یاوە کەزەوی تەختە

وە بەڕوونترین شێوە ئەمەی ڕوونکــردۆتەوە

ئیمام ـی ابن عطية الاندلسي لەتەفسیری سورة ـی الغاشية ئیجماع نەقڵ ئەکـات

قـال الله تعالی : {وَإِلَي الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ (20) } تەماشای زەویی ناکەن چۆن تەختکراوەو ڕاخراوە؟

ابن عطية ئەفەرمووێت :

و ظاهر هذه الآية أن الأرض سطح لا كرة و هو الذي عليه أهل العلم والقول بكرويتها وإن كان لا ينقص ركنا من أركان الشرع، فهو قول لا يثبته علماء الشرع

واتــە : ڕووکـەشـی ئایەتەکـە مانای ئەوە ئەیـا کەزەوی تەختە نەک گۆیی بێت وەئەمەش بوچوونی زانایـانە زانایان لەسەر ئەم بۆچونەن وە وتنی زەوی گۆییە گەرچـی ڕوکنێک لەڕووکنەکـانی ئیسلامەتی کەسەکە کام ناکـاتەوە بەڵام وتەیـەکە شەرع پاڵپشت ـی لێ ناکـات وجێگری نـاکـات . [المحرر الوجيز/ 5/ ص 475)]

ئیمام ـی عبد القاهر البغدادي "429هـ الفرق بين الفِرق باس ـی ئەوە ئەکـات کەیەکێک لەئصولەکـانی ئەهلی سـونەت وجەماعەت لەسەردەمەکەی ئەودا بریتی بوە لەوەی زەوی تەختە وجێگیرە وناخولێتەوە وەئیجــماع ـی لەسەر نەقڵ ئەکـات فەرموویـەتی :

وأجمعوا -أي أهل السنّة- علي وقوف الأرض وسكونها, وأن حركتها إنّما تكون بعارض يعرض لها من زلزلة ونحوها, خلاف قول من زعم من الدهرية

هەموو ئەهلی سوننەت کـۆدەنگن لەسەر وەستان وجێگربوونی زەوی وە جوڵەی زەوی بەهۆی حاڵەتــەوە ڕوو ئەیـات وەک ڕوودانی بــوومەلەرزە وهاوشێوەی ئەوە بەپێچەوانەی ووتەی دەهریەکان (مولحیدەکـان) وە ئەفەرموێت الله تعالی زەوی ڕاخستوە هەربۆیەش لە قورئان بەوشێوە باس ـی

زەوی كردووە بەڕاخستن بەپێچەوانەی وتەی فەیلەسوف وئەستێرەناسـەكان كەئەڵێن زەویی گۆییە و ڕاخراو وتەخت نیە . [اصول الدين ص 124]

ئیمام ـی الماوردي رحمه الله (364 - 450 هـ) له النكت والعيون لەتەفسیری ئـایەتی { وهو الذي مَدّ الأرض } أي بسطها للاستقرار عليها، رداً على من زعم أنها مستديرة كالكرة"

واتـا زەوی ڕاخستوە بـۆ بۆجێگیربوون لەسەری ڕەدێـكە بۆئەوانەی ئەڵێن زەوی خڕە وەك تۆپ . [3/ص 92]

هەردوو ئیمام جلال الدين محمد بن أحمد المحلي (864هـ) وجلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي (911هـ) لە تەفسیری الجلالين لەڕاڤەی ئـایەت ـی {وَإِلَى الْأَرْض كَيْف سُطِحَتْ} ئەفەرموون :

وقوله سُطِحَتْ ظَاهِر فِي أَنَّ الْأَرْض سَطْح . وَعَلَيْهِ عُلَمَاء الشَّرْع لَا كُرَة كَمَا قَالَهُ أَهْل الْهَيْئَة وَإِنْ لَمْ يَنْقُض رُكْنًا مِنْ أركان الشرع.

الله تعالى كەفەرمووی زەوی بۆتەخت كـردوون بەڵگەی ئەوەیە زەوی تەختە وە زانایان ـی شەرع لەسەر ئەم بۆچونەن وەزەوی خڕ وگۆیی نیە وەك فەلەكناسەكـان ئەڵێن گۆییە گەرچـی ئەوقسەیە ڕوكنێكی شەرع هەڵناوەشێتەوە

(**بەڵام وتەی دروست ئەوەیە کەزەوی تەختە**) [تفسير الجلالين]

تێبینی مەبەست لەهێنان ـی ئـەم بابـەتە بریتیە لەوەی وتەی دروست کەموافق ـی کتاب وسونەت و علمی واقعیشە بریتیە لەوەی زەوی تەختە وگۆیی نیــە وە کۆمەڵێ لەزانایان ئیجماعیان لەسەر تەخت بونی زەوی نەقـڵ کردووە

بـــــــــــــــەڵام هەریەک لە ابن حزم لە [الفصل في الملل والأهواء والنحل" (2/78)] **وە ابن تيمية رحمه الله لە** [مجموع الفتاوی" (25/195)]

ئەو وتەیەیان هەڵبژاردوە کەزەویی گۆییە وە ئەم دووزانا بەڕێزەش ئیجماعیان نەقڵ کردووە کەزەوی گۆییە کـەواتا هەردولا (ئەوانەی ئەڵێن تەختە وئەوانەشی ئەڵێن گۆییە هەردوولایـان) ئیجماعیان نەقڵ کردووە لەسەر بۆچونی هەڵبژێردراوی خۆیـان کـەواتا خۆی لە خۆیدا ئەمە بەڵگەی ئەوەیە زاناکـان خیلافیان هەیە لەم بابەتە چونکە هەردوولا ئیجماع نەقڵ ئەکـەن کەچی ئەبینیت هەموو زاناکان لەسەرئەم بابەتە هەموویان لەسەر وتەیەک یەکڕانین بەڵام "وتەی بەهێز ئەوەیە کەزەوی تەختە" وە ئەم وتەیەش کە ئەڵێت گۆییە دیسان ئیجماعی لەسەر نەقڵ کراوە کەواتا هەردوولا کە ئیجماع

یــان نەقـڵ کردووە دەرخەری ئەوەیـە بابەتەکە خیلافــیە بۆیە هیچ یەکێک لەوزانایـانە کەسیان لەسەر ئەم بابەتە تەکفیری بۆچونی بەرامبەریان نەکـردووە تبدیع وتفسیق ـی بەرامبەرەکەیـان نەکــردووە بـۆیە وەک باسێکی ڕاجیاواز لەسەربوو سەیر ئەکـرێت بەڵام وتەی دروست وتەفسیری دروست وتێگەشتنی ڕاست ئەوەیـە کەزەوی تەختە.

الحمد لله رب العالمين

وصلى الله على نبينا محمد وعلى الـہ واصحابہ اجمــعين